# ئایا دەکرێت پرۆگرامی P4C لە باشووری کوردستاندا پیادە بکرێت؟




کتێبی فەلسەفە بۆ منداڵان ((بەرهەمێکی نوێی سەرلەبەرە دەربارەی ڕێبازیp4C ، شێوازی گوتنەوەی وانەی فەلسەفی بۆ منداڵان و نمونەی چەند وانەیەکی تایبەت وەک ڕێنوێن بۆ مامۆستا لەم بوارەدا. ، دەزگای سەردەم، ساڵی ٢٠١١

ئەم پرۆگرامە کارێکی هێندە سەخت نیە و دەکرێت پیادە بکرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

**هەرزانی**، ئەم پرۆگرامە هێندە بودجەی ناوێت و سەرەتای کارەکە بە چەند هەزار دۆلارێک دەکەوێتە گەڕ. ( بۆنموونە دوو کەس، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە بنێرن بۆ بەشداربوون لە کۆرسێکی- ئینوستوتی پەرەپێدانی فەلسەفە بۆ منداڵان- لە نێوجێرسی. کۆی گشت خەرجیەکەیان، لە 6000 شەش هەزار دۆلار، زیاتر نابێت. دوای گەڕانەوە بۆ وڵات، ئەوانیش کۆرس بۆ چەند مامۆستایەک بکەنەوە و ئەو چەند مامۆستایەش هەریەکەیان لە شار و ناوچەیەک، کۆرس بۆ مامۆستایانی دیکە دەکەنەوە و بەو شێوەیە. بەم کارەش دەڵێن ڕاهێنانی ڕاهێنەران.

**لە لایەنی مرۆییشەوە**، توانایی زۆری ناوێت. هەر مامۆستایەک لەخۆی ڕاببینێت، کە هەنگاوێکی نوێ لەبواری فێرکردندا هەڵبهێنێتەوە، یان ویستی چەلەنج (تەحەدی) تێدابێت، دەتوانێت وانەی فەلسەفە بڵێتەوە و ئەم پرۆگرامە پیادەبکات.

لەڕووی سەرچاوە و کەرەسە و ماتریاڵیشەوە، کار و ئەرکێکی زۆری ناوێت. سەرەتا دەتوانرێت بە چەند چیرۆکێک، کە مەبەست و مەغزای فەلسەفیان تێدابێت و ببنە مایەی پرسیار و ڕامان، لەلای منداڵان، دەست پێبکرێت و لەداهاتوودا چیرۆک و بەسەرهات و بابەتی جۆراوجۆر، بۆ ئەو مەبەستە بنووسرێت، یان تەرجومەبکرێت.

ئاواکردنەوەی سەنتەر، یان بەڕێوەبەرایەتییەک بەهاوکاری نێوان زانکۆکانی کوردستان و وەزارەتی پەروەردە و لەلایەن فەلسەفەکاران و پێداگۆگی بەتواناوە بەڕێوەببرێت. تاسەرپەرشتی پرۆگرامەکە، لە وڵاتدا بکات و پەیوەندیش لەگەڵ **Institute for the Advancement of Philosophy for Chidren** دا بکەن و کەسانی شارەزا لەم بوارەدا بۆ سازکردنی کۆرس و سیمینار و ڕاهێنانی مامۆستایان، بانگهێشتن بکەن.

لیپمەن لە وەڵامی ئەو پرسیارەی، کە ئایا پرۆگرامی P4C دەتوانێت لە وڵاتێکی وەک ئێراندا پیادەبکرێت و گرنگی و پێوستیەتی، ئەم پرۆگرامە بۆ وڵاتانی تازە گەشە سەندوو، بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە.

پرسیار:
دەربارەی گرنگی و پێویستیەتی پیادەکردنی ئەم پرۆگرامە لە وڵاتانی تازەگەشەکردوودا بۆ نموونە( لە ئێراندا) چ کارێک پێویستە بکرێت و چ پەیام و پێشنیارێکت بۆ فەلسەفەکاران و فێرکارانی ئێران هەیە ؟

لیمپەن:
فەلسەفە بۆ منداڵان، بەرنامەیەکی فێرکاری جیهانیە و بودجە و تێچوونی زۆریشی ناوێت. بەڵام زۆر گرنگە، کە بەتەواوەتی پەیڕەوی پرۆگرامەکە بکرێت و وەک خۆی پیادەبکرێت. بەبڕوای من پەیڕەوکردنی ئەم پرۆرامە لە وڵاتانی تازە گەشەکردوودا، گۆڕانکاری زۆر مەزن و بێ وێنە لەلای منداڵان دروستدەکات.

دەبێت ئەم هەنگاوانە، لە هەر وڵاتێکدا، بۆ پیادەکردنی پرۆگرامی P4C هەڵبهێنرێتەوە.

**1**- ناردنی کەسێک یان چەند کەسێک، بۆ بەشدار بوون لە کۆرسەکانی ( مەڵبەندی جیهانی بۆ مەشقکردن- لە پرۆگرامی P4C دا ) لە مێندهام، لە ویلایەتی نیوجێرسی.
ئەم کۆرسانە هەموو ساڵێک لە هەفتەی کۆتایی مانگی پێنج و لە دوو هەفتەی کۆتایی مانگی هەشتدا دەکرێنەوە.
( کۆرسی یەکەم، یەک هەفتەیە و بۆ یەک کەس بە 1000 دۆلارە، کۆرسی دووەم، دوو هەفتەیە و بۆ یەک کەس بە 1750 دۆلارە)

مەرجە ئەو کەسەی لەم کۆرسانەدا بەشداردەبێت، فەلسەفەکار بێت، یان لایەنی کەم چەند کۆرسی فەلسەفی خوێندبێت- دیبێت. دوای بەشداربوون لەم کۆرسانەدا، ئەو کەسانە دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان و دەستدەکەن بە ڕاهێنانی ئەو مامۆستایانەی، کە لە داهاتوودا وانەی فەلسەفە بۆ منداڵان دەڵێنەوە. هەروەها دەبێت بابەتەکانی کە لە پرۆگرامەکەدا بەکاردێت تەرجومە بکرێت. ( ئەم پرۆگرامە بەبی تەرجومەی بابەتەکان، زەحمەتە و ناکرێت پیادەبکریت.)

**2**- ئەو کەسانەی بۆ ئەم کۆرس و ۆرکشۆپانە دێن، دەبێت زمانی ئینگلیزی بزانن و بتوانن هەندی لەو تێکستانەی لە کۆرسەکان و لە پرۆگرامەکەدا بەکاردێت بۆ زمانی خۆیان تەرجومەبکەن.

**3**- زۆر گرنگە ئەم گروپە، کە دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، سەنتەرێک بۆ سەرپەرشتیکردن و پەرەپێدانی ئەم پرۆگرامە دابمەزرێنن و هەوڵی تەرجومەکردنی تێکستە بەکارهاتووەکانی نێو پرۆگرامەکە بدەن و کۆرسی ڕاهێنان بۆ مامۆستا و فێرکاران ڕێکبخەن و بەسەر گشت فێرگەکانی وڵاتدا پەخشیبکەنەوە.

**4**- ئەو مامۆستایانەی بۆ گووتنەوەی وانەی فەلسەفە دەستنیشان دەکرێن و کۆرس لەلای ئەو کەسانە وەردەگرن کە هاتوون بۆ کۆرسەکانی مێندهام، دەبێت زانیاری تەواو لەمەڕ پرۆگرامەکەو بەکارهێنان و پیادەکردنی وەربگرن.

**5**- دەبێت، پسپۆڕانی پەروەردە و فێرکردن و دەروونناسان، ماوەی ساڵێک تا دوو ساڵ، سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی پرۆگرامەکە و ئەو کۆرسانە بکەن و لە گشت ڕووەکانەوە هەڵسەنگاندنی بۆ بکەن تا پرۆگرامەکە سازدەبێت و جێگەی خۆی دەگرێت و خوێندکاری ڕاهێنراو بە دیدی فەلسەفیانە پێدەگەێنیت.

**6**- ئەو خاڵە زۆر گرنگە، کە ئەو سەنتەرەی دادەمەزرێت، ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سەنتەری

Institute for the Advancement of Philosophy for Chidren  کە سەر بە

Montclair State University  یە، دابمەزرێنیت و ببێت بە ئەندام لەو ئینوستوتەدا.

هەر بۆ زانیاریش، بوون بە ئەندام لەو ئینوستوتەدا بە خۆڕاییە.



منداڵانی فێرگەی ناودەشت لە سەنگەسەر، ساڵی ٢٠٠٨